# دایک

لە دیوانی مامۆستا حەقیقی

دایە ئەی رووحی رەوانم بە فیدات ئەی سەر و ماڵ و گیانم بە فیدات
تۆ فرشتەی؟ مەلەکی؟ ئینسانی؟ یا پەریزادەی و خۆت نازانی
شەرتە کردووتە بە رۆژ و بە شەوم؟ باسی سەر بێ نەخەوی تا نەخەوم؟
تا دەجووڵێمەوە هێند بێ هەستی لە خەوێ رادەپەڕی هەڵدەستی
مەم بە دەستێک و دەسی تر بێشک نیتە بۆو بێشکەیە نۆبە و کێشک
رامدە ژێنی بە هەوای بەندی دڵت بۆ نەخەوتنمە دڵی پڕ لە کوڵت
بە فرۆشتن بێ ئەگەر ئاوی ژیان بۆمی دەکڕی بە دوسەد رووح و گیان
دایە ئەو دەنگ و هەوای لەی لایە هەوەڵین دەنگە لە دنیا دایە
جا لەبەر خاتری تۆیە مانم بە فیدات بێ سەر و ماڵ وگیانم

****

مەزمەزەی ئاوی حەیاتە مەمەکەی دەمی عیسای مەسیحە دەمەکەی
مەمکی پڕ شیر و دڵی پڕ شەفەقەت خوای مەزن خەڵقی نەکرد ئی وا قەت
تا دەچم بۆ دەر و تا دێمەوە ژوور رووحی بەدوامەوە دێ دوورادوور
چاوی دەیگوت گلەیی کردووە لێم بۆ لەمن خافڵە کاتێ دەگلێم
نرخی دنیایە چڵێ مووی دایە دڵی من بەستەیە بەو هەودایە
با قەزای ویم وەدڵ و جەرگی کەوێ گش کەسم مەرگی وەپێش مەرگی کەوێ